چی وادەکات کتێبێک لە نووسەرەکەی زیاتر ناوبانگ دەربکات؟

(هەوڵێک بۆ وەڵامدانەوە و گەنگەشەکردنی ئەم پرسیارە بە وەرگرتنی ڕۆمانی «بارۆنی سەر دارەکان»ی «ئیتالۆ کالڤینۆ» وەک نموونە)

محەمەد نەبی
(سۆران)

پێشەکی

لە مێژووی نووسیندا، زۆر کتێب هەن ناوبانگێکی جیهانییان هەیە، بەجۆرێک ناوونیشانەکەیان لە ناوی نووسەرەکە زیاتر ناوبانگی دەرکردووە، ئاخۆ ئەمە بۆچی بگەڕێتەوە! چۆن ناوی بەرهەم لە ناوی نووسەرەکەی زیاتر ناو دەردەکات؟

کتێب ڕۆڵ و کارکردی خۆی هەیە، دەگوترێ (کتێب ئەوەندە گرنگە، تەنانەت خوداش چەند دانەیەکی هەن). لە ڕەوتی مێژوودا زۆر کتێب قەدەغەکراون، سووتێنراون، نووسەران دادگایی و زیندانی کراون، ڕاوەدوونراون و ڕووبەڕووی مەرگ و توندوتیژی کراونەتەوە، دیارە ئەمە لەپای ئەو ناوبانگ و کاریگەرییەوە بووە کە کتێب لەسەر مرۆڤەکان و کۆمەڵگە دروستی کردووەو جیهانبینیی تاک و گرووپی ڕەنگڕێژ کردووە.

بەشێک لە شۆڕشەکان کەم تا زۆر کاریگەریی کتێبیان تێدا هەبووە، بۆ نموونە کتێبەکانی جان جاک ڕۆسۆ لە شۆڕشی فڕەنسی ئامادەییان هەبووەو بەدەست شۆڕشگێڕانەوە بووە. کتێب بەشێک بووە لە پەرەگرتنی هۆشیاریی تاک و دواجار کۆمەڵگە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە گوترا، دەبینین زۆر کتێب هەن ناوی کتێبەکان لە ناوی نووسەرەکانیان زیاتر ناوبانگی پەیداکردووە، دیارترینیان ڕۆمانی (زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکیس-ـە. لەلای زۆر لە میللەتانی دنیا (زۆربا) کە ناوونیشانی ڕۆمانێکە،

ناوێکی ناشناتره له ناوی نووسەرەکەی کە (نیکۆس کازانتزکیس)ـە، یان (دۆنکیشۆت)ی سێرڤانتس، (ئۆدیب)ی سۆفۆکلیس، (هاملێت)ی شکسپیر، (سەد ساڵ تەنیایی)ی مارکیز، (کوێری)ی خۆزێ ساراماگۆ، (پیرەمێرد و زەریا)ی هێمنگوەی، (فاوست)ی گووتێ، (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ)ی دانیال دی فۆی، (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆروێل، (حەمەدۆک)ی یەشار کەمال، (گێلەپیاو)ی عەزیز نەسین، (دایک)ی مەکسیم گۆرکی، دیوانە شیعری (وێرانە خاک)ی تی ئێس ئیلیەت و .....تاد.

هۆکاری ئەمە بە بۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی ئەم کتێبانە لەسەر تاک و بواره سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و جیهانبینیی گرووپەکانەوە بەجێیان هێشتووە، ڕەهەندێکی مرۆڤایەتییان هەبووە و میللەتە جیاوازەکان خۆیان تێدا بینیوەتەوە، لە خەمە مرۆڤایەتییەکان دواون و هەڵگری ئایدیایەکی جیهانی بوونە، هەروەها لێهاتوویی نووسەرانیش ڕۆڵی بینیوە لە چنینکاری و لایەنی هونەری و کاریگەریدانان لەسەر خوێنەر و بەخشینی چێژ پێی. ئێمە لەژێر ڕووناکیی ئەم تێگەیشتنەوە، هەوڵ دەدەین نموونەی ڕۆمانێک بخەینەڕوو، کە ناوبانگێکی زۆری هەیەو کەم تا زۆر ناوبانگێکی جیهانیی وەرگرتووە؛ ئەگەر ناوبانگی لە نووسەرەکە زیاتر نەبێ، کەمتر نییە، ئەویش ڕۆمانی (بارۆنی سەردارەکان)ی نووسەری ئیتاڵی (ئیتالۆ کالڤینۆ)یە.

ناساندنی کەرەستەی بابەت

بارۆنی سەر دارەکان، ڕۆمانێکی نووسەری ئیتاڵی (ئیتالۆ کالڤینۆ)یە، ساڵی ١٩٩٤ نووسراوە، یەکێکە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی جیهان و بۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕراوە.

ئەم ڕۆمانە چیرۆکی کەسێک (کۆزیمۆ) دەگێڕێتەوە، کە لە ماڵ و بنەماڵە و بەندوباوی کۆمەڵگە و نەریتی کۆن یاخی دەبێت و ڕێگەیەکی جیاواز و ژیانێکی سەیرو جیاواز دەگرێتەبەر، ئەویش جێهێشتنی ژیانی



ئیتالۆ کالڤینۆ

سەرزەوی و هەڵبژاردنی ژیانە لەسەر دارەکان.

کۆزیمۆ لەسەر دارەکان جیهانێک دروست دەکات، پارێزگاری لە خەڵکی هەژار و جووتیار و ستەمدیدە دەکات، هاوکارییان دەکات و لە دزەکان دەیانپارێزێت. لەسەر دارەکان کتێب دەخوێنێتەوە، خەڵکی دی هان دەدات لەسەر دارەکان بژین و لەپێناو دژایەتیکردنی نادادی و هێنانە ئارای یەکسانی و دادپەروەری گرووپ دروست بکەن. دارەکان بە پایەڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بەناو ولاتێکدا هاتوچۆ دەکات بەبێ ئەوەی پێ بنێتە سەر زەوی، دواتر کتێبخانە لەسەر دارەکان دروست دەکات و تا هەتا ژیانی لەسەر دارەکان دەبێ.

ڕەتکردنەوە وەک دەستپێکی ئازادی

هەر لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە پێمان دەڵێ کۆزیمۆ خواردنەکەی ڕەتکردەوەو گوتی من ئەمە ناخۆم. لێرەوە ویستی ڕەتکردنەوەو سەرەداوی گوتنی نا سەرهەڵدەدا، هەموو ئازادییەک بە ڕەتکردنەوەی دۆخێک و گوتنی

نەخێرێک دەست پێ دەکات. (لە ڕۆمانی ئۆلیڤەر تویست)یش، بەرهەمی (چارڵس دیکنز) ئۆلیڤەر داوای خواردنی زیاتر دەکات و لێرەوە ویست بۆ ئازادی و ڕەتکردنەوە سەرهەڵدەدات.

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا فەزایەکی وای خوڵقاندووە کە لەسەر خوان، باوک و دایک و برا و خوشک و قەشە و پارێزەر دانیشتوون، لەناو هەموویاندا، کۆزیمۆ خواردنەکە ڕەت دەکاتەوە، ئەمە نیشاندانی جۆرێک لە بوێرییە لە کارەکتەری کۆزیمۆدا و سەرەتایەکی سادەیە بەرەو ڕووداوە گەورەکان و وەدەستخستنی ئازادییەکی گەورە.

کۆزیمۆ خواردنەکەی ڕەت کردەوە ((هەڵوێستێکی ئاوا سەرچڵانە لەناو ئێمەدا پێشینەی نەبوو))ل١٢.

ئاشکرایە بنیادنانی کەسایەتیی تاک لە خێزانەوە دەست پێ دەکات، بۆیە دەڵێن دایک و باوکی میشێل فووکۆ، کە فووکۆ منداڵ بوو، هەموو بەیانیان بانگیان دەکرد تا بدوێت و قسە بکات، بەبێ ئەوەی شەرم بکات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی دەرچەی ئازادی لای فووکۆ بکرێتەوە و بیرو هزری فراوان ببێ، نەک سەرکوتی بکەن.

گێڕەرەوە (ڕاوی)، کە بۆ کۆزیمۆیە باس لە سەرکوتی خێزانی دەکات ((لەو کاتەوەی ڕێگەیان دابووین لەسەر مێزی گشتی نان بخۆین، هەستمان دەکرد زەختی بنەماڵەمان زۆر لەسەر بوو، دیارە ئەمەش خەمبارترین قۆناغی منداڵیمان بوو. دایک و باوکمان بۆ ساتێکیش چاویان لێ نەدەترووکاندین: بە چەقۆ و چەنگاڵ مریشک بخۆ... قنج دانیشە... ئانیشکت مەخەرە سەر مێزەکە....))ل١٣.

باوکی کۆزیمۆ لە ئەشرافزادەکانە، شانازی بە بنەماڵە و باوانییەوە دەکات، کەسێکی پایەداری کۆمەڵگە و بنەماڵەیە، بەڵام کۆزیمۆ وەک نەوەیەکی تازە نوێنەری سەردەمێکی تازەیە، نایەوێ بچێتەوە سەر نەریتی باوانی، بۆیە هەر لە منداڵییەوە لاساری دەکات: ((باوکی خۆشەویست، باو و باپیرانی ئێوە بە گونی خۆشم نازانم))ل١٨.

سەرەتاکانی یاخیبوونی کۆزیمۆ لێرەوە دەست پێ دەکات.

جیهانێکی سەربەخۆ

یەکەم ئەکتی پادیکاڵ و بڕیاری ژیان لەسەر داران لەوێوە دەست پێ دەکات کە کۆزیمۆی تەمەن دوازدە ساڵ لەگەڵ برا تەمەن هەشت ساڵانەکەی شەیتانۆکەکان ئازاد دەکەن، ئەو شەیتانۆکانەی گەورەکان وەک سەرچاوەیەکی خۆراک دەیانهێنن و تا بە کەڵکی خۆراک بێن لەناو بەرمیلێکیان دەکەن، بەڵام ئەوان دەچن ئازاد و بەرەڵڵایان دەکەن، لەپای ئەمەدا باوکیان دارکاری و زیندانیان دەکات، دوای سزاکە هەمدیس لەسەر خوان کۆدەبنەوە و خواردنەکەش شەیتانۆکەیە، ئەم جارەش زۆری لە کۆزیمۆ دەکرێ بیخوات، بەڵام کۆزیمۆ سەرچڵی دەکات و نایخوات، باوکی تێی هەڵدەدات و دەری دەکات، کۆزیمۆ یاخی دەبێت و دەچێتە سەر دار: ((کۆزیمۆ بەسەر دارەکەوە گوتی: ئیتر هەرگیز بڕیارەکەم ناگۆڕم)) ل٢٤، ئیتر ژیانی کۆزیمۆ شێوەیەکی نوێ وەردەگرێت و ژیانی سەرداران و دارستانان دەست پێ دەکات.

کۆزیمۆ ژیانی سەر داران هەڵدەبژێرێت، ژیانی سەر زەوی ڕەت دەکاتەوە، زەوی وەک وڵاتی دوژمن دەبینێت ((من هەرگیز پێ نانێمە سەر عەرز، نە لە باخی ئێوەو نە لە باخی خۆمان، هەموو ئەم شوێنانە بۆ من وەک وڵاتی دوژمنە.... ئێمە لەسەر ئەم دارانە سوپایەک پێک دێنین هەوڵ دەدەین زەوی و مرۆڤەکانی سەر زەوی عاقڵ بکەین))ل٣٥.

ژیان لەپێناو مرۆڤایەتی

کۆزیمۆ مرۆڤێکی گۆشەگیر نییە، مرۆڤایەتی ڕەت بکاتەوە، بەپێچەوانەوە دەیەوێ مرۆڤەکان بۆ کاری چاکە و گیانی هاوکاری و بیر و ئازادی پەروەردە بکات، ئەو بێ خەڵک هەڵناکات (ئەو ئەگەرچی بەتەنیا دەژیا، بەڵام لەبەر خەڵک هەڵنەدەهات، بەپێچەوانەوە دەکرێ بڵێم بەبێ

خەڵک هەڵینەدەکرد)ل٩٢. ئەم بیرەی ڕۆمانتووس پێ دەچێت لەژێر کاریگەریی هزری نیتشە بێ، بەتایبەتی لە کتێبی (وای گوت زەردەشت). زەردەشت ڕێگەی ئەشکەوت دەگرێتە بەر و لەوێ خۆی پەروردە دەکات، بەڵام هەر دەگەڕێتەوە ناو خەڵک و وتاریان بۆ دەدات و ڕێی خۆبوونیان نیشان دەدات. بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی (جۆناسانی نەورەس) جۆناسان لە باوانی دوورەدەکەوێتەوە و ڕێی ئازادی و خۆبوون دەگرێت، ئەم دوو ڕۆمانە کاریگەریی نیتشەیان بەسەرەوە دیارە.

زۆر کتێبی تریش هەن کە بابەتی سەرەکییان دابڕانە لە دابونەریتی چەقبەستووی کۆگەل، یان هەوڵن لەپێناو جیهانی تاکەکەس و بەرخۆدان لەپێناو ئایدیایەکی بەرز، یان ویستی تاکەکەس، یان گەڕانە لەپێناو تاقیکردنەوەی دنیایەکی جیاواز. وەک (ڕۆبنسۆن کروزۆ)ی دانیال دیفۆی، یان (پیرەمێردو زەریا)ی هەمینگوای، یان (تۆفۆچێنتۆی پیانۆژەن) بەرهەمی نووسەری ئیتاڵی ئەلیساندرۆ باریکۆ. لە هەموو ئەم شاکارانەدا خوێنەر ژیانێکی تر ئەزموون دەکات و لەناو جیهانە ئەدەبییەکەدا دەژیت، ئەمەش ئەو ڕایەی تۆرهان پاموک وەڕاست دەگەڕێنێت کە دەڵێت (خوێندنەوەی ڕۆمانێک ژیانێکی تری لەپاڵ ئەم ژیانەدا).

جان جاک ڕۆسۆ ڕۆژگارێک دەچێتە سویسرا و تاقی تەنیا بۆ ماوەی مانگێک دوور لە هەموو بەندو بارێک، ژیان بەسەر دەبات، لە دوورگەیەک دەژیت و خۆی دادەبڕێنێت و تەنیا چێژ لە ژیان و سروشت و سەربەخۆیی وەردەگرێت.

کۆزیمۆ جیهانێک لەسەر دارەکان دروست دەکات، بەدرێژایی دارستانەکان ڕایەڵ دروست دەکات و بەسەریاندا دەڕوات و قسە لەگەڵ خەڵکی چەوساوەو جووتیار و هەژار دەکات.

گرنگی ئەم ڕۆمانە و ناوبانگەکەی

ئیتالۆ کالڤینۆ لەم ڕۆمانەدا لە میانەی (٣٠٠) لاپەڕەدا، سیاسەت، فەلسەفە، کۆمەڵگە، کاریگەرییەکانی کتێب و خوێندنەوە، بەها مرۆڤایەتییەکان، مرۆڤدۆستی، ژیاندۆستی، یاخیبوون، ئازادی، شۆڕش، کارکردن، تێکۆشان، بەرخودان، ملنەدان، چێژ، خۆشی، خۆشەویستی، عەشق، خێزان، دارستان و ژینگە، ژیانی ئاژەڵان، چاکە، خراپە و کۆی بوارەکانی ژیان نیشان دەدات. هەڵبەت وەک تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەدەبی، ئەو نایەت شیکردنەوە بۆ ئەو بابەتانە بکات و تیۆرەیان لەبارەوە دابڕێژیت، بەڵکوو هەموو ئەمانە لەناو ژیانی چەند کارەکتەرێکدا، بەتایبەتیش لەڕێی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەوە (کۆزیمۆ)، لە کار و جووڵە و ژیان و ڕەفتارەکانیدا نیشان دەدات و وێنەدەکێشێت.

بارۆنی سەردارەکان، شێوە ژیانێکە لەپێناو ئازادی، تێکۆشان، بەهامرۆڤایەتییەکان، خۆشویستنی خۆ و خەڵک، گیانی مرۆدۆستی، خۆشویستنی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی ژیان. ژیان وەک داهێنراوێک کە خۆشەویستی و وزە و هێز و جووڵە و ئاوەدانکردنەوە بەهاکانی بن.

بارۆنی سەردارەکان دەیەوێ پێمان بڵێ کە مرۆڤ دەبێ ئازادبێ، وەک خۆی بژیت، بەڵام ئازادییەک نا، ببێتە هەڕەشە بۆ دەوروبەر، بەڵکوو ئازادییەک خزمەت بە ژیانی خۆ و خەڵک و مرۆڤایەتی بکات؛ ژیاندۆستییەک کە پێچەوانەی مەرگدۆستییە و گوزارشت لە ئاوەدانکردنەوەی ژیان و ڕەنگکردنی ژیان و نەخشاندنی ژیان دەکات.

ئەم ڕۆمانە بێجگە لە مانای فرەڕەهەند و بواری جۆراوجۆر، خاوەنی چێژێکی ئەدەبیی قووڵە، خوێنەر لە خوێندنەوەیدا بێزارنابێت، بەپێچەوانەوە، حەزی بەردەوامبوون لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی لەگەڵ خوێنەر دەبێ و چێژ و خۆشیی زۆری لێ دەبینێت.

سەرچاوە:
بارۆنی سەر دارەکان، نووسینی: ئیتالۆ کالڤینۆ، وەرگێڕانی: عەتا نەمایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.